# شین وەکو دەریای سپی!

مەهاباد قەرەداغی



*(ڕۆژ و شەو لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری*
*جا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ)*
*کوردی*

بۆ هێندە شین دەچیتەوە دەریای سپی؟!
وەکو چاوە قەوزەگرتووەکانی جۆگەلەکانی ئەوێ
ئەوێ کە لە ناوەڕاستی دڵمدایە
نەخشەیەکە. . وەک پەیکەرێ بەرجەستە،
وەک ڕاستی. . زبر،
چوون خۆشەویستی. . تواوە. .
چەشنی خەون لێڵ و سڕاوە!
تۆ لەوێ دەچی. .
نازانم لە کەناری تۆم یان. . ( ئەوێ) لە کەناری مندایە!
نازانم. . تۆ لەوێی. . لە زێدە زیز و ئازیزەکەم
یان من لێرەم. . لە هێرۆنای لە کەنارتدا ڕاکشاو!
. . .
تۆ بڵێی دایکم لە ناو یەکێ لەم شەپۆلانەوە دەرنەپەڕێ و . .
وەکو ئەوسای ساوایەتیم،
سەرم نەخاتە بن باڵی و
گورگانەشەویم بۆ نەڵێت!
. . .
تۆ بڵێی خوڕەی ئەم شەپۆلانە لوورەی گورگ نەبن؟!
گەر وا نییە بۆ دەیانەوێ جەستەم بخۆن و. . ڕۆحم هەڵفڕێنن!
تۆ بڵێی من باڵندە نەبم لە کڵێشەی ژنێکی دەریایی
گەر نا. . بۆ لە هەڵفڕین تێر نابم. . بۆ هێندە کۆچەرم؟!
. . .
تۆ بڵێی ئەم کەنارە پڕ لە عاشقەوماشقایە (کفری) نەبێ؟!

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ئەی بۆچی ڕۆنیشتن لەم کەنارە
تامی چەمی هەمیشەبرینگی (بوغاز) دەدا؟!
بشێ (بەرشەلۆنە) کەرکووکێکی بە ئیسپانیکراو نەبێت؟!
ئەی بۆ بۆنی خاسەی لێ دێت، بۆ؟!
ئەو کڵێسایەی کە لەو بڵندایە بە پێوەیە. قەڵای هەولێرێکە بۆ خۆی!
ئەو شاخە خەنەییەی کەچاوەکانم ماچ دەکا،
وەک ئەزمرٍ لە بیلبیلەمدایە.

. . .

کێ پێم دەڵێ من لە کوێم؟!
کێ دەزانێ کەنار بۆ کوێم دەبات، دەریا دەمداتە دەستی کام ئاسمان،
کێ دەتوانێ گەردیلەکانی جەستەی من و جەستەی شەپۆل
کە دوو دەنکە مرواری هەمان ملوانکەی عەشقن لێک بترازێنێ؟!!کێ؟!!

. . .

سوپاس دەریا گیان
کە ئەم ئێوارەیە خۆت کرد بە چەمێکی تەنک،
تا لە ئاوێنەتا کفری ببینم!
سوپاس خۆری گەش کەخۆت کرد بە تۆپێکی نارنجی و
باوەگوڕگوڕت هێنایەوە باوەشم!
سوپاس شنەبا کە نەورۆزێکی سلێمانیت کردەوە میوانم
سوپاس کڵێسای هەمیشە ڕاوەستاو. کە منت بردەوە خزمەتی قەڵا و منارە!
سوپاس ڕێگا سەوزەکانی ئیسپانیا،
کە گوڵاڵەکانی ڕێگای دهۆکتان پێشکەش کردم!. سوپاس!
٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢
کەناری دەریای سپی ناوەڕاست
هێرۆنا/ئیسپانیا

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت